
ئاڵا
دۆستەکانم ! باش بزانن
دوژمنانم ! باش بزانن :
چەند باوەڕم بە زەردەشت و
بە ئاڤێستاو بە خوا هەیە
هەزار هێندەش
باوەڕم بە هەڵکردنی ئاڵا هەیە !
عەبدوللا پەشێو

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

# ڕۆژی ئاڵا

لەساڵی ٢٠٠٩دا پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا کە ڕۆژی ١٧ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێک وەکو ڕۆژی ئاڵا دیاری بکرێت و لەو ڕۆژەدا سەرجەم ئاڵاکانی سەر دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان بگۆڕدرێن و نوێ بکرێنەوە. هۆکاری دانانی ئەم ڕۆژەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٧ ئاڵای کوردستان لەسەر دامودەزگاکانی کۆماری مەهاباد هەڵکرا

# ئاڵا و سروودی نشتیمانی



## ئاڵای کوردستان

هەموو گەلانی سەر رووی ئەم زەمینە، ئەوانەی سەربەستن یان بە شێوەیەکی فیدرال دەژین خاوەنی ئاڵای خۆیانن، ئاڵای کوردستانیش ئاڵای کوردستانی فیدراڵەو لە تەواوی ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دان، لە داموو دەزگا حکوومییەکان و ئۆرگانە ڕسمییەکان شەکاوەیە.

## پێناسەی ئاڵای نەتەوەیی کوردستان

ئاڵای کوردستان پێکهاتووە لە سێ ڕەنگ و دروشمێک لە ناوەندی .

## ڕەنگەکان:

ئاڵای کوردستان لە لاکێشەی ئاسۆیی پێکهاتوە، لاکێشەی سەرەوە رەنگی سوورە، ئەوەی ناوەند ڕنگی سپی یە، و لاکێشەی خوارەوە ڕەنگی سەوزە .
بەرینی ئاڵا دوو لەسەر سێ ی درێژییەکەیەتی .

evinebook.blogfa.com

kurdishebook.com
@KURDISHeBook




## دروشمی نەتەوەیی:

دروشمی نەتەوەیی ئاڵای کوردستان خۆری زێرینە، ئەم خۆرە 21 پەڕ (تیشک)ی یەکسان و هاوشێوەی هەیە.



بە لەبەرچاوگرتنی دوو لەسەر سێ یەتی قەبارەی ئاڵا، خۆری زێرین بە پەڕەکانییەوە یەک(1) پێوەرە و بەبێ پەڕەکان نیو (0.5) پێوەر، ئەم پەڕانە شێوەیان ڕاستە و لە دەرەوە خاڵێکی تیژ دروست دەکەن .




خۆرەکە دەبێ ڕێک لە چەق (ناوەندی) ئاڵای کورستان جێگیر بێت.

evinebook.blogfa.com

kurdishebook.com
@KURDISHeBook



خۆر بەشێوەیەک جێگیر کراوە کە ستوونی ناوەندی ئاڵا بە ناو خاڵی تیژی بەرزترین پەڕ(تیشک) تێدەپەڕێت .



## چۆنییەتی پێکهاتەی ڕەنگەکان :

ڕنگەکانی ئاڵای کوردستان بە شێوەی خوارەوەیە :

PMS 032سوور :
PMS 354سەوز :
PMS 116زەرد :

## شێوەکانی بەکار هێنانی ئاڵا

1- هەڵواسینی بە دارا، پێویستە خۆرەکەی لە هەردوو ڕووەوە دیار بێت .
2- بەرز کردنەوەی لە باری پانی، ڕەنگی سور لە سەرەوە و ڕەنگی سەوز لە خوارەوە .
3- بەرز کردنەوەی لە باری درێژی، ڕەنگی سور لە لای چەپ و ڕەنگی سەوز لە لای ڕاست .
4- لە یەخەدانی وەک ڕۆزێت لە سەر سینگ، لە لای چەپ لە سەر دڵ هەڵ ئەگیرێت .
5- لە سەر مێز دانانی ، پێویستە بە لای چەپدا بشکێتەوە .

evinebook.blogfa.com

kurdishebook.com
@KURDISHeBook

## سروودی نشتیمانی

سروودی ئەی رەقیب کە لە لایەن شاعیری گەورەی کورد، پاریزەر یونس رەئووف ناسراو بە دڵدار لە ساڵی **1940** دانراوە، بووەتە بەشێك لە کولتوور و فەرهەنگی میللەتی کورد و جێگەیەکی پیرۆزی لە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان و دڵی جەماوەرەکەیدا هەیە و سیمبۆلی خەبات و بەرخۆدانی گەلەکەمانە و ئاوێتەی بیر و ویژدانی هەموو چین و توێژێکی گەلی کوردستان بووە.
دڵداری شاعیر کە دانەری سروودی (ئەی رەقیب)ە، ناوی تەواوی یونس مەلا رەئوف مەلا مەحمود سەعیدەو لە **1918/2/20** لەشاری کۆیە لەدایکبووەو لە **1947/7/12** دا کۆچی دواییکردووە.

ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان
نایشکێنێ دانەیی تۆپی زەمان

کەس نەڵێ کورد مردووە، کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە،
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان

ئێمە رۆڵەی ڕەنگی سوورو شۆڕشین
سەیری کە خوێناوی‌یە رابردوومان

کەس نەڵێ کورد مردووە، کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە،
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان

لاوی کورد هەستایە سەرپێ وەک دلێر
تا بە خوێن نەخشی بکا تاجی ژیان

کەس نەڵێ کورد مردووە، کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە،
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان

ئێمە رۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین
دینمان، ئایینمان هەر نیشتمان

کەس نەڵێ کورد مردووە، کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە،
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان

لاوی کورد هەر حازر و ئامادەیە
گیان فیدایە، گیان فیدا هەر گیان فیدا

کەس نەڵێ کورد مردووە، کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە،
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان

evinebook.blogfa.com